

# جاڕنامەی پڕەنسیپەکانی لێبوردەیی بە بۆنەی ١٦ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانی لێبوردەیی

**لە ئاڵمانییەوە بۆ فارسی ـ کامران سادقی**
**لە فارسییەوە: خالید عەلیزادە**

جاڕنامەی پڕەنسیپەکانی لێبوردەیی، لە بیست و هەشتەمین کۆبوونەوەی گشتیی (پاریس، 25ی ئۆکتۆبەر تا 16ی نۆڤەمبەری 1995) لە لایەن وڵاتانی ئەندامی یۆنسکۆوە پەسندکرا. بە هۆی ئەوەی کە، لێبوردەیی تەنیا پڕەنسیپێکی گرنگ و بایەخدار نییە، بەڵکو پێش مەرجێکی زۆر پێویست و سەرەکییە، بۆ ئاشتی، گەشە و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەموو نەتەوەکان. کەوابوو سووربون لەسەر هەڵگرتنی هەنگاوی ئەرێنی و پێویست، بۆ ئەوەی کە بیر و ئەندێشەی لێبوردەیی لە کۆمەڵگە پەرە بسێنێ، ئەرکی سەرشانی هەموومانە.

**لێبوردەیی بە مانای قەبووڵکردنی ئەو راستییەیە، کە مرۆڤەکان، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکی رواڵەتی، مافی ئەوەیان هەیە لە ئاشتیدا و بەو شێوەیە بژین، کە خۆیان دەیانەوێ**

بڕگەی یەکەم: چەمکی لێبوردەیی:

1.1) لێبوردەیی بە مانای ڕێزدانان، قەبووڵکردن و بایەخدان، سەبارەت بە هەموو کولتوورەکانی سەر گۆی زەوی، شێوازی بیروڕا دەربڕین، چۆنیەتیی مرۆڤبوونی ئێمە بە هەموو رەهەند و جیاوازییەکانەوە. لێبوردەیی لە ڕێگەی هۆشیاری، راشکاوی، ئاڵوگۆڕی بیروڕا بە یارمەتیی ئازادی ئەندێشە، ویژدان و بیروبۆچوون، پاڵپشتی دەکرێ. لێبوردەیی هاوەدەنگی و کۆکبوونە، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان. لێبوردەیی تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی سیاسی و یاساییە. لێبوردەیی ئاشتی و ئارامی مسۆگەر دەکات و کولتووری ئاشتی بەسەر شەڕ و ئاژاوەدا زاڵ دەکات.

2.1) لێبوردەیی لەگەڵ پاشەکشە، یان چاوپۆشیکردن هاوتا نییە. پێش هەموو شتێک بیرکردنەوەیەکی چالاک و ئەکتیڤە لەسەر بنەمای قەبووڵکردنی مافی مرۆڤی جیهانی و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ئەوینر دامەزراوە. لێبوردەیی نابێت بە هیچ شێوەیەک بە مەبەستی بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکان، کەڵکی خراپی لێ وەربگیرێت. لێبوردەیی، دەبێ لەلایەن تاک، گرووپ و دەوڵەتەکانەوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

3.1) لێبوردەیی، بەردی بناغەی خانوویەکە، مافی مرۆڤ، فرەچەشنی (هەروەها فرەچەشنی کولتووری)، دیموکراسی و دەوڵەتی یاسای لەسەر دامەزراوە. لێبوردەیی هەرجۆرە کەللەوشکی، دەمارگرژی و رەهاخوازییەک رەتدەکاتەوە و لەسەر پێوەرە پەسندکراوەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ جەختدەکاتەوە.

4.1) بە مەبەستی خۆڕێکخستن لەگەڵ جاڕنامەی مافی مرۆڤ، لێبوردەیی لە کردەوەدا، بە مانای پاشەکشە لە هەمبەر نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لەبەرچاونەگرتن و پشتگوێخستنی بیروبۆچوونی تاکەکەسی نییە. لێبوردەیی بۆهەر تاکێک بە مانای ئازادیی هەڵبژاردن لە بیروبۆچوونی تاکەکەسی و لە هەمانکاتدا ڕێزدانان بۆ هەڵبژاردنی ئەوینرە. لێبوردەیی بە مانای قەبووڵکردنی ئەو راستییەیە، کە مرۆڤەکان، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکی رواڵەتی، پێگەی کۆمەڵایەتی، زمانی، هەڵسوکەوت و بەهای کۆمەڵایەتی، مافی ئەوەیان هەیە لە ئاشتیدا و بەو شێوەیە بژین، کە خۆیان دەیانەوێ. لە هەمانکاتدا لە داسەپاندنی روانگە و بیروبۆچوونی خۆیان بەسەر ئەوینردا خۆ ببوێرن.

بڕگەی دووەم: لێبوردەیی و دەوڵەت

1.2) لێبوردەیی لە ئاستی دەوڵەتدا، پێویستی بە دادپەروەری و بێلایەنی لە سیستەمی یاسادانان، بەکارهێنانی یاسا لە وەزارەتی داد و سیستەمی بەڕێوەبەریدا هەیە، هەروەها پێویستە هەموو تاکێک لە هەل و دەرفەت و توانای ئابووری و کۆمەڵایەتیی یەکسان کەڵک وەربگرێت. بێبەشبوون و پەراوێزخستن، ناهومێدی و دڵمەندبوون، دوژمنی و دەمارگرژی و ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە.

2.2) بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر بنەمای لێبوردەیی، پێویستە دەوڵەتەکان هەموو گرێبەست و کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، سەبارەت بە مافی مرۆڤ پەسند بکەن و ئەگەر پێویست بوو، بۆ دەستەبەرکردنی هەل و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان، هەندێ یاسای نوێ دابنرێ.

3.2) بۆ ژیانێکی هاوئاهەنگ و شیاو لە ئاستی کۆمەڵگەی

نێونەتەوەییدا، پێویستە لەسەر تاک، کۆمەڵگە و نەتەوەکان، تایبەتمەندیی فرەچەشنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قەبووڵ بکەین و ڕێزی بۆ دابنێین، چونکە بەبێ لێبوردەیی، ئاشتی مسۆگەر نابێت و بەبێ ئاشتیش دیموکراسی و پێشکەوتن بوونی نییە.

4.2) زۆرجار نەبوونی لێبوردەیی، خۆی لە فۆڕمی پەراوێزخستنی گرووپە بێدەسەلات و بێدەرەتانەکان، هەروەها بێبەریکردنی ئەوان لە بەشداریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ توندوتیژی و هەڵاواردن، نیشان ئەدات. بەپێی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ، «هەموو تاک و گرووپێک مافی ئەوەیان هەیە، جیاواز بن» (ڕاگەیەندراوی یۆنسکۆ ڕێکەوتی 1978/27/11 بڕگەی 102)

بڕگەی سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

1.3) لە جیهانی ئەمڕۆدا،لێبوردەیی بە بەراورد لەگەڵ هەرکات و سەردەمێکی دیکەدا، زۆر پێویست و گرنگترە. تایبەتمەندیی ئەم سەردەمە، بەجیهانیبوونی ئابووری، چوونە سەری جموجۆڵی ڕۆژانە، پێوەندی و ڕاگەیاندن، پێکەوەژیانی ئاشتیانە و پێوەندیی دووقۆڵی و چەند لایەنە، کۆچبەریی بەربڵاو لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا، شارنشینی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە. بەهۆی ئەوەی کە هەر بەشێکی ئەم جیهانە، ڕەنگدانەوەی جیاوازی و فرەچەشنییە، نەبوونی لێبودەیی، دووبەرەکێ و دژایەتی، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بەربڵاو هەموو ناوچەیەک دەخاتە مەترسییەوە، ئەم مەترسییە تایبەت بە وڵاتێک نییە، بەڵکو مەترسییەکی جیهانییە.

2.3) لێبوردەیی لە نێوان تاک، هەروەها بنەماڵە و کۆمەڵگە زۆر پێویستە. لێبوردەیی و ڕاشکاوی، هونەری گوێگرتن، هاوپێوەندی، یەگرتوویی و هاودەنگی دەبێ لە قوتابخانە و زانکۆ، هەروەها لە ڕێگەی فێرکاریی گشتییەوە،لە ماڵ و شوێنی کاردا پەرە بسێنێ. ڕاگەیەنە گشتییەکان، دەتوانن لە ڕێگەی وەگەڕخستنی فەزا و دەرەتانی وتووێژی ئازادانە و کراوە، ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن، بەها و بایەخی لێبوردەیی بڵاوبکرێنەوە و مەترسیی پشتگوێ خستنی ئەو گرووپ و تاقمانەی کە لایەنگری نالێبوردەیین، لە قاو بدرێ.

3.3) هەروەک لە داخۆیانی یونسکۆدا، سەبارەت بە «ڕەگەز» و پێشداوەریی ڕەگەزی، جەخت کراوەتەوە، پێویستە هەموو ئەو شتانەی کە بۆ یەکسانیی کەرامەتی ئینسانی، مافی تاک و گرووپەکانە پێویستە، ڕەچاو بکرێ. لەم پێوەندییەدا، دەبێ ئەو گرووپ و لایەنانەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بێبەشکراون و هەر بەم هۆیەوە تووشی خەسار و نەهامەتی هاتوون، لە ڕێگەی هەندێ یارمەتی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە (هەڵاواردنی ئەرێنی) لە بواری خانووبەرە کار و لەشساغی، ئاوڕدانەوە لە ڕەسەنایەتیی کولتووری و بەهاکانیان ـ بەتایبەت لە پرۆگرامی ڕاهێنان و فێرکاریدا ـ یارمەتی لە پێشکەوتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، پیشەیی، بکەونە ژێر چاوەدێری و ئاوڕدانەوەی تایبەتەوە.

4.3) بۆ هاودەنگی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە هەمبەر ئەم کێشە و گرفتە جیهانییە، دەبێ لێکۆڵینەوەی زانستیی پێویست جێبەجێ بکرێ و تۆڕی پێوەندیی کۆمەڵایەتی دابمەزرێت. سەرەڕای ئەم شتانە، دەبێ هۆکارە بنەڕەتییەکان و ڕێگەچارە کاریگەرەکان لەلایەن زانستی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پرۆگرامی توێژینەوە لە بواری سیاسەت و یاسادانان، بکەوێتە پرۆگرامی کاری وڵاتانی ئەندامەوە.

بڕگەی چوارەم: پەروەردە و فێرکردن

1.4) پەروەردە و فێرکردن کەرەسەیەکی گونجاو و لەبارە لە هەمبەر نالێبوردەییدا. یەکەمین هەنگاو بۆ ڕاهێنان و فێرکاری لە بواری لێبوردەییدا، وشیارکردنەوەی هەموو تاکێکە سەبارەت بە ماف، ئازادی و داخوازییەکانیان لەم بوارەدا، هەروەها سەرهەڵدانی ئیرادەی پاڵپشتی لە ماف و ئازادی و داخوازیی هەموو مرۆڤێکی دیکەیە.

2.4) پەروەردە و ڕاهێنان بە مەبەستی لێبوردەیی، بە پەلەترین مەبەستی ڕاهێنانە. لەم ڕووەوە پێویستە، شێواز و میتۆدی عەقڵانی

ساڵی دەیەم .... ژمارە (٤٤) ئایاری ٢٠١٤
گۆڤارێکی فکری، فەلسەفیە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت



و پڕۆگرامی ڕێکوپێک دابڕێژرێ، تاکوو سەبارەت بە بنەما و بناغەی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ئایینی نالێبوردەیی، ڕوونکردنەوە و ڕۆشنگەری بکرێت ـ و لەم ڕێگەوە هۆکارە بنەڕەتییەکانی توندوتیژی و بێبەشکردن و پەراوێزخستن ڕوونبکرێنەوە. سیاسەت و پڕۆگرامی ڕاهێنان و فێرکردن، دەبێ لە خزمەت تێگەیشتن لە یەکتر، هاودەنگی، یەکگرتوویی و لێبوردەیی لە نێوان تاکەکان، هەروەها گرووپی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینی و میللەتەکاندا بێت.

3.4) ڕاهێنان بە مەبەستی لێبوردەیی، دەبێ لە درووستکردن و تەشەنەی ترس لەلایەنی بەرانبەر (ئەوینر)، حەز و خواست بە مەبەستی پەراوێزخستن و پشتگوێ خستنی کەسانێکی دیکە، بەرگری بکات. هەر بۆ ئەم مەبەستە دەبێ توێژی هەرزەکار و گەنج، بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ، ئەندێشەی ڕەخنەگرانە و هێزی داوەری ئەخلاقی، یارمەتی و تەیار بکات.

4.4) ئێمە بەڵێن ئەدەین و خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین، لە پڕۆگرامەکانی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی ڕاهێنان و فێرکردنی لێبوردەیی، مافی مرۆڤ و نەبوونی توندوتیژی پاڵپشتی بکەین و لە کردەوەدا بەکاری بهێنین. لەم ڕووەوە پێویستە بۆ باشترکردنی پەروەردەی مامۆستایانی قوتابخانە، کەرەسە و ئامێری ڕاهێنان، ناوەڕۆکی کتێبەکانی وانەوتنەوە، لە نوێترین کەرەسە و تەکنۆلۆژیای ڕاهێنان و فێرکاری کەڵک وەربگرین. مەبەست، ڕاهێنانی جۆرێک لە هاوولاتییە، هەست بە بەرپرسیارەتی، هاوپێوەندی و یەکگرتوویی بکات و بە شێوەیەکی کراوە لەگەڵ کولتووری جیاوازەکانی دیکە، هەڵسوکەوت بکات و ڕێز بۆ بەهاکانی ئازادی، حورمەتی ئینسانی و جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان دابنێت و توانای خۆبواردن لە شەڕ و ناکۆکی و چارەسەرکردنی بەدوور لە توندوتیژی کێشەکانی ببێت.

برگەی پێنجەم: بەڵێن بە مەبەستی کردەوە

ئێمە بەڵێن ئەدەین، بابەتی لێبوردەیی و ناتوندوتیژی لە ڕێگەی پڕۆگرام و ڕێکخراوەکانمانەوە، لە ئاستی ڕاهێنان و فێرکاری، زانستی، کلتووری، ڕاگەیاندن و پێوەندی پەرە پێبدەین.

برگەی شەشەم: ڕۆژی جیهانی لێبوردەیی

بە مەبەستی وشیارکردنەوە و زیندووڕاگرتنی ڕای گشتی، سەبارەت بە بابەتی لێبوردەیی، ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی نالێبوردەیی و جەختکردنەوە لەسەر هەوڵی بە کردەوەی خۆمان، ئێمە هەموومان بە فەرمی ڕۆژی 16ی نۆڤەمبەر، وەکوو ڕۆژی جیهانیی لێبوردەیی ڕادەگەیەنین.

http://www.unesco.de/erklaerung_toleranz.haml

فایلی تایبەت



# سیمین بێهبەهانی



سیمین بێهبەهانی
ئەو شاعیرەی کە
هەرگیز
رۆح و قەڵەمەکەی
نەفرۆشتوە

شیعری سیمین
بێهبەهانی
لە روانگەی
ئەدیبانی ئێرانەوە

دیدار لەگەڵ
سیمین بێهبەهانی